# ڕەنگدانەوەی تیرۆرکردنی خەزنەوی
# لە هەڵوێستی بەناو ئینسان دۆستەکاندا

مەجید دڵنیا

1-هەڵوێستی ئیسلامیەکان:

شێخ محەمەد مەعشوق خەزنەوی وەک کوردپەروەر و لێکۆڵەرێکی کورد لە بوواری ئیسلامیدا، لە 10-5-2005دا، لە دیمەشقی پایتەختی سوریا رفێنرا و لە1-6-2005دا ،لاشەکەیان بە کەس وکاری دایەوە.دیارە گومان لەوەدا نیە ئەم کارە راستەوخۆ دەزگا ئەمنیەکانی دەوڵەتی سوریا لێی بەرپرسیارە وبەسەرپەرشتی ئەوان ئەنجامدراوە.سەرەنجامی تیرۆرکردنی خەزنەوی خۆپیشاندان رۆژئاوای کوردستانی گرتەوە.دەوڵەتی سوریا درندانە بەربووە گیانی خۆپیشاندەران و هانی عەرەبەکانی ناوچەکایاندا دژ بەکورد بەتایبەتی عەشیرەتی "تەی"،کەوتنە سووتاندن و تاڵانکردنی فرۆشگاو ماڵانی کورد وئەتککردن وسووکایەتیکردن بە کچ وژنی کوردوگرتن وزیندانیکردنی لاوانی کورد.هەموو ئەمانە بە ئاشکرا بینیمان لە ناوەندەکانی راگەیاندنی کوردی ودەرەکیدا دەنگۆی کەمی دایەوە.  دەوڵەتی فاشستی سوریا هەوڵێکی زۆریدا بە پەردەپۆشکردنی تیرۆرکردنی شێخی خەزنەوی و خۆپیشاندناناکانی رۆژئاوای کوردستان، بەوەی کەنەیهێشت پەیامنێرانی جیهانی بگەنە شوێنەکەو وێنەی گیراو بگوازنەوە.دیارە بەداخەوە زۆر سەرکەوتووش بوون.پەردەپۆشکردنی ئەو رووداوانە لە راگەیاندنەکانی تورک و عەرەب و فارسدا بۆ ئێمە شتێکی نامۆ نین.کەناڵی جەزیرە وەک شۆفێنیترین کەناڵی عەرەبی زۆر سادە و لارێیانە ئاماژەیان بەم کارە وەحشیانەیە دا.هەرچەند هەقە ئێمە پێش ئەوەی گلەیی لە هیچ کەس بکەین ، گلەیی لە خۆمان بکەین.

دیارە دوژمنەکانمان هەر شتێک بۆنی ئازادی کوردی لێبێت ،ئەوان بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن.لێرەوە ئیتر ئاساییە،هەموو جۆرە دەرگایەکت لێدابخەن تا حاڵەتی خنکان.من هیچ گلەییم لێیان نییە، چوون ئەوان سەدان ساڵە،سەلماندوویانە دوژمنی باوە کوشتەی کوردن.دیارە لە دوژمنیش کاری چاک چاوەروان ناکرێت.گەر قەرارە ئێمە چاوەرێی دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان بین، شتی باشمان بۆ بکەن یا پێبڵێن،ئەوە کەشکمان فەریکە.مەسەلەی برایەتیش  درۆیەکی شاخدارە،ئەوە تەنیا ئێمەین باسی برایەتی دەکەین   ،کەچی ئەوان حیسابی تاکە پێڵاوێکیشمان بۆ ناکەن.بەڵام نەگبەتی گەورەی ئێمە وەکو کورد لە راگەیاندنی کوردی وحیزب و رێکخراوە کوردیەکاندایە.

لێرەدا ئەوەی زۆرتر رووی بەرپرسیارێتی دەیانگرێتەوە،حیزبە ئیسلامیەکانی باشووری کوردستانە،چونکە خەزنەوی لەگەڵ ئەوەی کە کوردە بەڵام بیرمەندێکی ئیسلامی سونەشە.لەم حاڵەیا لەگەڵ ئیسلامیەکاندا هاوتەریبن.پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆچی

ئیسلامیەکانی کوردستان لە ئاست تیرۆرکردنی کوردێکی بیرمەندی موسڵماندا خۆیان کردووە بە کەرەی شەربەت.رۆژنامەی کۆمەڵ لەژمارە(  175  )وەک هەواڵێکی ئاسایی ئاماژەی پێداوە.یەکگرتوو لەو ژمارانەی سەروەختی تیرۆرکردنی شێخی خەزنەوی و خۆپیشاندانی کوردانی رۆژئاوا یەک دێر چییەباسی نەکردووە.لەکاتێکدا ئەگەر ئەوە تیرۆرکردنی یەکێک لە سەرکردەکانی حماس و جیهادی فەلەستین بوایە نەک تەنیا هەواڵ بگرە بەیاننامەشیان لەدژی لایەنێکی وەک ئیسرائیل دەردەکرد،رۆژنامەکانی ئەوانمان بینی لەکاتی تیرۆرکردنی شێخ ئەحمەد یاسیندا چییان نووسی.هۆی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان نە مرۆڤی کوردو نەکێشەی کوردیان بۆ گرنگە،بەڵکو لای ئەوان ئەوە گرینگە ،تا بۆیان بکرێ دژایەتی هەموو کەسێکی چەپ ومارکسی وعیلمانی و نەتەویی کورد بکەن،بەڵام لەهەمبەر دوژمنانی کورددا،بەتایبەتیش عەرەب ئەوە هەمیشە خۆیان بە برا بچوک دەزانن وکارێک ناکەن دژی ئەوان بێت،چونکە لای ئەوان دژایەتی عەرەب یانی دژایەتی ئیسلام.ئیسلامیەکانی کوردستان ئەگەر یەک تۆزقاڵ خۆیان بە موسڵمان زانیبا دەبوو لەسەر خەزنەوی هەرایان بنایەتەوە.

ئیسلامیەکانی کوردستان بەهەردوو باڵەکەی ،هەوادارانی ئیخوان موسلیمین و وەهابی (انسار وقاعیدە) بەهیچ جۆرێک ئینتیمایان بۆ میللەتێک وخاکێک نییە کە ناوی کوردو کوردستانە.

نەگبەتی میللەتی ئێمە لەوەدایە لەورۆژەوەی ئیسلامی بە سەرا فەرزکرا و بوو بە ئیسلام،بەدرێژایی ئەو مێژووە،هەمیشە خۆیکردووە بەقوربانی ئیسلام ،جارێک نەبووە ئیسلام بکات بە قوربانی خۆی.بەجۆرێک هەموو ئینتیما نەتەوەییەکانی خۆی لەدەست داوە،هێندە خۆشباوەریش بووە،بۆیە هەمیشە بەناوی هاوئایینەوە هەڵخەڵەتێنراوەو بەکوشت دراوەو تووشی گۆبەند کراوە.ئیتر ئەوەی بەلایەوە گرینگ نەبوە کوردو کێشەکانی بووە.دیارە **صلاحةدین** باشترین نموونەیە.بۆیە لە ئیستاو داهاتووشدا، گەر هەزاران صلاحەدینی تریشمان تیا هەڵبکەوێت و وەک ئەو بیربکەنەوە ئەوە بۆ میللەتی قوربەسەری کورد پوولێکی قەڵب ناکەن.ئالەم نێوەندەیا بەداخێکی زۆرەوە ئیسلامیەکانی کوردساتان ،ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەموو لە **صلاحةدین** لایان نەداوە.خەزنەوی خاوەنی ئەم رێبازە نەبوو،بۆیە تەنانەت ئیسلامیە عەرەبە سونەکانی هاوەڵیشی هێندە بە کێشەکەی پەیوەست نەبوون.خەزنەوی نەیدەویست خۆی بکات بەقوربانی ئیسلام بەڵکو دەیویست ئیسلام بکات بەقوربانی کێشەی نەتەوە زوڵم لێکراوەکەی.ئەو وەک موسڵمانێکی کورد پێیوابوو ،نەتەوەکانی عەرەب وتورک وفارس چۆن دەوڵەتیان هەیە،کوردیش هەقی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێت.ئەو دەیویست ئەو زوڵم وزۆرەی عەرەب و نەتەوە سەردەستەکان بەناوی ئیسلامەوە لە کوردی دەکەن مەحکوم بکات و پەردەیان لەسەر لا بدات.بۆیە بە بوونی ئەو مورتاح نەبوون ،چونکە بە دوژمنی عروبەیان دەزانی، هەربۆیەش تیرۆریان کرد.ئێمە وەکو کورد پێویستمان بەوەیە مەلاو رێبەرە ئاینیەکانمان وەک خەزنەوی بیر بکەنەوە.کێشەی

کورد و دەوڵەتی کوردی لایان کێشەی هەنوکەیی بێت و ئەم میللەتە لە زوڵم و چەوساندنەوە رزگاربکەن. کورد وتەنی (تاماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە ) جێبەجێ بکەن. ئاخر ئەحمەقیە تامن خۆم خاوەنی کێشە بم بچم کێشەی خەڵکیتر چارە بکەم.بەداخەوە ئیسلامیەکانی کورد هەمیشە ئەمە کارو پیشەیانە.لای ئەوان هەمیشە کێشەی قودس و فەلەستین لە کێشەی کورد گرینتر بووە،ئەوان بەردەوام مێشکی گەنجەکانی کوردیان بەوە پرکردووە،کە رۆژێک بێت بچن بۆ قودسی فەلەستین بۆ جیهاد دژی جوولەکە، بێ ئەوەی جوولەکە هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە هەبێ یا پارچەیەکی کوردستانی داگیر کردبێ. هەمیشە بەم نەمەتە کاریانکردووە مێشکی گەنجی کوردیان شۆردۆتەوە ولە هەستی نەتەوەیی خاڵیانکردۆتەوە.هەمیشە وا فێریانکردوە بیر لە خەڵکیتر بکاتەوە نەک لە خۆی.بەردەوام هەوڵیانداوە بەناوی جیهادو یارمەتی برایانی موسڵمانەوە کێشەی کوردیان لەبیر گەنجی کورد بردۆتەوە.بۆیە هەموو کات قودسەکەی فەلەستین لای ئەوان زۆر لە قودسەکەی کوردستان(کەرکوک)گرینگتر وپیرۆزترە،هەموو نووسراوو پێرۆی ناوخۆی حیزبە ئیسلامیەکان ئەم راستیە دەسەلمێنن.بۆ راستی ئەم قسەیەچەند مانگێک لەمەوبەر لەسەر پاڵتاک لە ژووری (ئێرە دەنگی ئیسلامە)باسی ئەو رۆژە یادی سووتاندنی بیت المقدیس بوو لە لایەن جولەکەکانەوە،کابرایەک بە ناوی باوکی بەهەشت گەر هەڵە نەبم لە کادیری یەکگرتوو دەچوو،بۆیە کاتێک پرسیاری ئەوەم لێکرد لەم کاتەیا کورد کێشەی قودسی کوردستان(کەرکوک)ی هەیە،نەک قودسەکەی فەلەستین.لەوەڵامدا وتی:ئاشکرایە بۆ ئێمەی موسڵمان کێشەی قودس لە کێشەی کەرکوک زۆر گرینگتر و پیرۆزترە.ئائەمەیە نەگبەتی میللەتێک کە خۆی بێ بەرگەو دەچێ زەردەوڵە لە خۆی هاردەکات.

ئاخرعەرەب بە 22 دەوڵەتەوە چارەی کێشەی قودسیان پێناکرێت،تۆیەک کە خاوەنی هیچ نیت چیت پێ دەکرێت?جگە لە زیادکردنی نەهامەتی زیاتر بۆ ئەم میللەتە هەش بەسەرە.ئەمە لە کاتێکدا زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبەکان هەر خۆشیان بە خاوەنی کێیشەی فەلەستین نازانن وباشترین پەیوەندیشیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. بۆ دەوڵەتێکی بەناو موسلمانی وەکو تورکیاش کێشەی فەلەستین جگە لە کارتێکی فشار چیتر نییە ،کە جارجار پیشانی ئیسرائیلی دەدات تا پەیوەندیە ستراتیجیەکانیان تێک نەچێت،چونکە تورک بەو بایە دەژین کەلای جوولەکە و ئەمەریکاوە بۆیان دێت.ئاخر ئەم دژایەتی جوولەکەیە بۆئێمەی کورد بۆچی?ئەگەر بەشێکی کوردستانیان داگیرکردبا ئەو دەم قەیدی نەدەکرد،یان داخۆ خۆمان دوژمنمان زۆر کەمە!ئاخر لەخرابترین حاڵەتیشا بتانەوێ ونەتانەوێ بەم کارەتان باشترین خزمەت بە عەرەب و شۆفێنیزمی عەرەبی دەکەن.ئائەمەیە نەهامەتی، عەرەب خۆی بەخاوەنی کێشەکە نازانێ کەچی ئیسلامیەکانی کوردستان بەردەوام لە تەیارکردنی گەنجی کورددان تا بچن بۆ جیهادی جوولەکە.دیارە عەرەب باش لە ئێمە تێگەیشتون ومێشکمانیان باش شۆردۆتەوە بۆیە هەمیشە بەتەمان کورد جارێکیر قودسیان بۆ رزگار بکات.(1)

باشە بۆ جارێک لە جاران موسڵمانەکانی ئەو نەتەوانە نەیانووت بابچین گەلی کوردی موسڵمانیش لە قرکردن رزگاربکەین.تەنیا ئێمەین کێشەی خۆمان لاهیچەو لا سوکە ،کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال ویژدانی مردووی یەک وڵاتی عەرەبی وئیسلامی نەبزواند ،کەچی مەلا عەلی سکرتێری بزووتنەوە زۆر بەسادەیی فەلوجەی بە دەستە خوشکی هەڵەبجە چواند.ئاخر دوژمنەکانمان ئەمجۆرە کوردەو جۆرە موسڵمانەیان لێمان دەوێت.مەلاو کوردپەروەرێکی وەک خەزنەویان ناوێ لە جەژنی نەورۆزدا ، وتاربدات و ئاڵای کوردستان بکاتە ملی وخەڵک بخرۆشێنێ.ئەوان موسڵمانێکیان دەوێ کێشەی کورد لای ئەو بوونی نەبێت.بۆیە سەیر نییە کەسێکی وەک مەلاکرێکار کاتێک بۆ کەناڵەکانی عەرەبی دەدوێ ،بەتایبەتی بۆ (الجزیرە)کە زۆر حەزدەکەن بیدوێنن باسی چونکە بەدڵی ئەوانە ،کوفرە کێشەی کورد بکات ،بەڵکو هەر دەڵێ(هد"ە الامە ) کەدیارە مەبەستی ئومەتی ئیسلامە ،کەچی سەرکردە ئیسلامیە عەرەبەکانی وەک بن لادن و حسن نصراللة وشێخی ئەزهەر وقەرەزاوی..هتد

کەقسە دەکەن سەرنج بدەن دەڵێن"العرب والمسلین" هەمیشە وشەی عەرەب لە پێشدا دەڵێن.ئاشکرایە کورد زۆر خزمەتی ئیسلامی کردووە ،خزمەتکردنی ئیسلامیش بەمانایەکیتر خزمەتکردنە بە زمان وکلتوری عەرەب.زۆرێکی وەک غەزالی و ابن ئە سیر و ابن خلدون وعباس محمودعقاد ومحمد سعید رەمەزان بوتی(وابزانم ئەم لەژیاندا ماوە)و سعید نەورەسی(بدیع الزمان)تا دوا ساتەکانی ژیانیان خزمەتی ئیسلام وزمانی عەرەبیان کردووە.ئاخر هەموو نووسینەکانی ئەم بەرێزانە بە میللەتی چارەرەشی کورد چی ، ،ئەمانە کێ پێیان دەڵێن کوردن، ئەگەر پێشیان بڵێن کورد چی لە ئێشوئازاری کورد کەمدەکەنەوە?.کەسێکی وەک سعید نەورەسی کە نووسینەکانی بەزمانی تورکییە(2) ،تورکەکان بە مفکرێکی تورکی دەزانن نەک کورد.سەلاحەدین گەر کورد بێ یان نا بەکوردی بێ کەسو بێ باوک چی!. بۆیە ئێستاعەرەبەکان سەلاحەدین بە عەرەب و تورکەکانیش بە تورکی دەزانن.معین بەسیسۆی شاعیر جوانی وتووە کە دەڵێ:

(کردیا کان صلاح الدین انتصر واصبح عربیا

مادا لو هزیمە صلاح الدین لاصبح جاسوسا کردیا

ئەوەی دیارە تۆ چەندی خزمەتی ئیسلام بکەیت خزمەتت بە زمانی عەرەبی کردووە ،بۆیە عەرەب نە مەمنونت دەبن نە پێ دەزانن ،چونکە ئەوە بە واجب دەزانن ئەمەش بۆخۆی لە کۆتاییدا ،خزمەتە بە کلتوروفەرهەنگی عەرەب ،دیارە ناو نانی عەرەبیش هەر دەچێتە ئەم قاڵبەوە ،چونکە ئەوشتانەی لە ئیسلامدا بە پیرۆز دانراوە ،لە هەناوی کۆمەڵگای عەرەبیەوە دەرهاتووە.لێرەوە ئیسلام بە ناوی ئاینەوە بریتیە لە پیرۆزکردنی هەموو داب و نەریت وکلتورو ناوێکی عەرەبی.بۆیە سەیر نییە لە تەواوی ئەو وڵاتانەی بوون بە موسڵمان دیاردەی ناونانی عەرەبی ئاشکرا دیارە، لە ناو کوردیشدا هەر وابووە ،لە ئێستاشدا لە بنەماڵە ی سەر بە حیزبە ئیسلامیەکاندا ناونانی عەرەبی دیارەیەکی زۆر زەقە.ئەمە ئەوە

دەردەخات جێبەجێکردنی ئیسلام بەو نەهجەی ئیسلامیەکانی کوردستان دەیکەن،بۆخۆی باشترین خزمەتە بە شۆفێترمی عەرەب.
میللەتانی ناوچەکە بەتایبەتی تورک،کە ئیسلامیان وەرگرت،لەسەر خوانی ئیسلام گەورەترین ئیمبراتۆریەتیان دروستکرد.کە هاتنە ناوچەکە خاوەنی هیچ نەبوون،ئێستا بوون بەخاوەنی هەموو شتێک.500-600ساڵ بەناوی ئیسلامەوە دەسەڵاتی رەهای خۆیان لە ناوچەکەدا سەپاند،کوردیش لە رابردوودا دەیتوانی ئەمە بکات!بۆ نەیکرد،ئەمە پرسیاری گرینگە.مارکس پێیوایە ئایین تلیاکی گەلانە،پێم وایە بۆئێمەی کورد ئیسلام بووبە گەورەترین تلیاک و بەجۆرێ مودمین بووین لەسەری تا لەهەموو هەستێکی نەتەوەیی دایشۆراندین،ئێستاشی لەگەڵدابێ نەهاتووینەتەوە سەر خۆمان و هەرگیزیش پێناچێ بۆ ئیسلامیەکی کورد نەسوود لە مێژوو وەربگرێ و نەبیەوێ تێشیبگات وتاماویشەبەو بەناو برا درۆزنانەی چەندین سەدەیە سەری پاندەکەنەوە بروا دەکاو فریو دەخوا،بەو وەزعەشەوە هەردەم ئامادەیە لەخزمەتی ئەواندا خۆی بکات بەقوربانی و بەکوشتی بدەن وبیانکەن بە دوژمنی گەلانی تر .دەبێ ئیسلامیەکانی کورد لەوە تێبگەن ،کێشەی کورد لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکاندا،کێشەی گەلێکی بندەستە نەک ئیسلام بوون.هەرگیز کورد وەک موسڵمان نەچەوسێنراوەتەوە بگرە وەک کورد یا لەبەر کوردبوون چەوسێنراوەتەوە لێرەدا ئەو راستیەی وەک رۆژ دیارە ئەوەیە کە لای نەتەوەی عەرەب و تورکو فارس ئەوەی پولێکی قەلب ناکات موسڵمان بوونە،گەروا نیە خۆ ئەم گەلەش موسڵمانە ئەی بۆ چەند سەدەیە ملی دەپەرێنن ئەدی ئایەتی (ان المومنين اخوه)کیلۆی بەچەند فلسە .ئالێرەوەیە نەتەوە پەرستی ئەو نەتەوانە حەقیقەتێکە ئاولێڵ ناکات.گەر کوردی نەگبەتیش باسی کورد بوون بکات،ئەوە نەژادپەرستە وجیاخوزەو ئاسایشی ئەوان دەخاتە مەترسیەوە.تۆ گەر موسڵمانێکی عەیارە 24یش بیت،گەر بروات بەدەوڵەتی کوردی وکێشە رەواکەی هەبێت ،ئەوە تۆ جیاخوازی ولەدین لادەری ودەبێ بەدەردی خەزنەوی بچیت، جا درەنگ یا زوو!بەم پێوەرە تەواوی ئیسلامیەکانی کوردستان بەو نەهجەی کاری لەسەر دەکەن وگەنجی کوردی خێر لەخۆ نەدیوی پێ گۆش دەکەن،پێبزانن یا نا دەچنە خانەی دوژمنانی بەرژەوەندی میللەتی کورد ونایابترین خزمەت بە شۆفێترمی عەرەب وتورکو فارس دەکەن.دیارە ئەمجۆرە ئیسلامە رەواجی هەیەو هەموو جۆرە دەعمێکیش دەکرێت.
بێسوور نییە دەوڵەتانی کەنداو لەنەوەدەکاندا پارەیان بۆ یەکگرتوو هەڵرشتبوو،یەکگرتووش بەشێکی باشی پارەکەی بۆ دروستکردنی مزگەوت تەرخانکردبوو، وەک ئەوەی کورد لە هیچی کەم نەبێت تەنیا لە مزگەوت نەبێ.دیارە شێخەکانی کەنداو تەواو باوەریان بە سەدام کردبوو،کە وتبووی ئەمانە لە دین وەرگەراون.بۆیە هەوڵی ئەوان دروستکردنەوەی مزگەوتانە بووکە بە فەرمانی خودی سەدام وێرانکران، تا بە عەقڵی خۆیان ئەم گەلە ئەوبکەنەوە بە موسڵمان.هەر ئەم شێخە عەگال بەسەرو موسڵمانە عەیارە (24)انە بوون ،لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا باشترین کۆمەکی

سەدامیان کرد.باشە ئەمە سپی کردنەوەی رووی رەشی شێخانی کەنداو نییە?بەفریشتە پیشاندانی شێخانی عەرەبی کەنداو لە لایەن یەکگرتووەوە،باشترین خزمەت بوو بە شۆفێترمی عەرەبی .لەلایەکەوە لە قەتڵ وعامی سەدان هەزار کوردی بێکەسدا بەشدار دەبن ولەلایەکیتر بە چەند منارەی مزگەوتێک دڵخۆشیت دەدەنەوە. ئەم دابران و خاڵی بوونەوەیە لە هەستی نەتەوەیی تەنیا لای موسڵمانی کورد وەک گەلێکی بێ دەوڵەت بەزەقی دیارە.بۆیە هەر خەباتێک بەدەر لەچوارچێوەی تێروانینێکی سیاسیانە بۆ کێشەی کورد وبەدەر لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بەرەنجامی مایە پووچەو داهاتووش دەکەونە بەر رقی نەوەکانی کورد ودڵنیاشبن عەرەب نەمەمنونتانن وئێستا چیمان پێدەڵێن وپێدەکەن ئەوسا خرابتریش.

15.6.2005

……………………………………………

……………………………………………

1-حاجی شێخ مەهدی ئاغجەلەر گێرایەوە: لە حەج چاوی بە حاجیەکی فەلەستینی کەوتبوو،کە زانیبوی ئەم کوردەو خەڵکی عێراقە پێی وتبوو ئێستاش چاوەرێی سەلاحەدینێکیتری کوردین بێ جارێکیتر رزگارمان بکات.

2-دەڵێن سەعید نەورەسی هەندێ کتێبی بە کوردی نووسیووە،بەڵام دەسەڵاتدارانی تورک رێگە بە کەس نادەن سەیری ئەرشیف بکات وبگرە حاشاشی لێدەکەن.